# ئەم ئومەتە لە نێو گۆڕەکانیان تاقیدەکرێنەوە، ئەگەر نەبێتە هۆی ئەوەی واز لە گۆڕدانانی یەکتر بهێنن؛ ئەوا داوام لە خودا دەکرد کە سزای گۆڕ ببیستن بەو شێوەیەی کە من دەیبستم

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پێغەمبەرەوە نەمبیستووە -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام زەیدی کوڕی سابت -ڕەزای خوای لێبێت- بۆمی گێڕاوەتەوە، دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێو باخێکی بەنی نەجاڕ بوو، ولە کاتێکدا سواری هێسترەکەی بوو وئێمەش لەگەڵیدا بووین؛ لەناکاو هێسترەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی جوڵا وەکو ئەوەی ناڕەحەت بووبێت، وخەریک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەوێتە خوارەوە لەسەر پشتی هێسترەکە، (پاشان شەش یان پێنج یان چوار گۆڕی بینی) جەریری ئەمە دەڵێت، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کێ ئەو کەسانە دەناسێت کە لە ناو ئەو گۆڕانەدان؟»، پیاوێک ووتی: من، فەرمووی: ئەوانە کەی مردن؟ پیاوەکە ووتی: لە سەردەمی شیرک وجاهیلیەتدا مردن، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەم ئومەتە لە نێو گۆڕەکانیان تاقیدەکرێنەوە، ئەگەر نەبێتە هۆی ئەوەی واز لە گۆڕدانانی یەکتر بهێنن؛ ئەوا داوام لە خودا دەکرد سزای گۆڕ ببیستن بەو شێوەیەی کە من دەیبیستم»، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێمان کرد، وفەرمووی: «پەنا بە خودا بگرن لە سزای ئاگری دۆزەخ»، (هاوەڵان) ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە سزای ئاگری دۆزەخ، فەرمووی: «پەنا بە خودا بگرن لە سزای ناو گۆڕ»، ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە سزای ناو گۆڕ، فەرمووی: «پەنا بە خودا بگرن لە هەموو فیتنەیەک ئەوەی ئاشکرایە وئەوەش کە شاراوەیە»، ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە هەموو فیتنەیەک ئەوەی ئاشکرایە وئەوەش کە شاراوەیە، فەرمووی: «پەنا بە خودا بگرن لە فیتنە وتاقیکردنەوەی دەجال»، ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە فیتنە وتاقیکردنەوەی دەجال.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

زەیدی کوڕی سابت -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک ئەوان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوون -صلى الله عليه وسلم- لە باخێکی هۆزی ئەنساڕیەکان، بە ناوی بەنی نەجاڕ، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی هێسترێکی بوو، ولە ناکاو هێسترەکە ئەملاو ئەولای کرد وبە شێوەیەکی هەڕەمەکی جووڵا، وخەریک بوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەوێت لەسەر پشتی هێسترەکە، ولەو شوێنەدا چوار یان پێنج یان شەش گۆڕ هەبوون، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: کێ ئەو کەسانە دەناسێت کە لە ناو ئەو گۆڕانەدان؟ پیاوێک ووتی: من دەیانناسم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەگەر دەیانناسی ئایا ئەوانە کەی مردوون؟ پیاوەکە ووتی: لە سەردەمی شیرک وجاهیلیەتدا مردن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەم ئومەتە لە گۆڕەکانیاندا تاقیدەکرێنەوە، یان ئاسوودە ودڵخۆش دەبن یان سزا دەدرێن لە نێو گۆڕەکانیاندا، وئەگەر لە ترسی ئەوە نەبوایە کە ببێتە هۆی ئەوەی چیتر نەتوانن یەکتری لە گۆڕ دابنێن (یەکتری بنێژن)؛ ئەوا داوام لە خودا دەکرد کە بەو شێوەی من سزای گۆڕ دەبیستم؛ ئێوەش ببیستن، ئەگەر ئێوە سزای گۆڕ ببیستن ئەوا واز لە گۆڕدانانی یەکتر دەهێنن ئەمیش لە ترسی هاوار وناڵەی مردووەکان کە لەوەیە ببێتە هۆی پەککەوتن ویچڕانی دڵتان، یان لە ترسی ئابڕووچوون بۆ ئەوەی حاڵ وباری خزمەکانتان نەزانن، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لە هاوەڵان کرد وفەرمووی: داوا لە خوای گەورە بکەن -سبحانه وتعالى-؛ بەوەی لە سزای ئاگری دۆزەخ دوورتان بخاتەوە، هاوەڵان ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە سزای ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: داوا لە خوای گەورە بکەن؛ بەوەی لە سزای گۆڕ دوورتان بخاتەوە، هاوەڵان ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین وهانا بۆ ئەوە دەبەین بۆ ئەوەی بمانپارێزێت لە سزای گۆڕ، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: داوا لە خوای گەورە بکەن لە هەموو فیتنە وبەڵا

وتاقیکردنەوەیەک دوورتان بخاتەوە ئەوەی ئاشکرایە وڕوونە وئەوەیشی نهێنی وشاراوەیە، هاوەڵان ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە هەموو فیتنە وتاقیکردنەوەیەکی ئاشکرا ونهێنی، وپاشان -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: داوا لە خودا بکەن بۆ ئەوەی بتانپارێت لە فیتنە وتاقیکردنەوەی مەسیحی دەجال؛ چونکە ئەوە گەورەترین فیتنە وتاقیکردنەوەیە کە دەبێتە هۆی کافربوونی مرۆڤ کە ئەمیش هۆکارە بۆ سزای هەتاهەتایی لە دۆزەخدا، هاوەڵانیش ووتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە فیتنە وتاقیکردنەوەی دەجال.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11208